www.kurdistannet.org

29-10-2006 6:49 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# كەركووک_ خوماری ئازادی ... ئاگرین

سنە

من كەركووك_م
رەمزی شەوی شە هیدانم
نانەرەقی ناو كەشكۆڵی جیهان هەنگاوەكانتانم.
من كەركووك_م
قارەمانی چیرۆك و بیانووی شیعرتانم.
من... پێناسەتانم!
ئەڵێن نە
سەیری "ئەیلوولی" سەربەرزم بكەن»
برۆن لە بارزانی بپرسن.
برۆن... نەرم نەرم هەنگاو بنێن
تەنیا برۆن
لە توورەییەكەی مەترسن.
_هاوار هاوار غەریبی وێرانی كردووم_
ساڵەهایە رەزی گری "گۆرگۆر"ەكەم
هێشووی تاسەی ئازادی دەگرێت.
شەوانە كاتێ ئاڵا "سەفین" و "پیرەمەگروون" ئەدوێنێ
لە ترسی خەونی شوومی نەوەكانی "ئەفلەق" و "ئەتاتۆرك"
پەیتا پەیتا زامەكانی بادینان و گەرمیانم دەزیرێنێ.
ئاخ... چۆن نیشتمان بێ دڵ ئەژیت
_ حاشا حاشا هەرگیز بەقودسی كوردستان نابم!_
هۆ سەرۆكی كورستان و ئاوێنەی عەشقی شەهیدان
جەرگم خەریكە هەڵدەفرێ دڵم خەریكە دەمرێ
هاوار هاوار
دەستم بخە نێو دەستی گەرمی سلێمانی
دەستم بخە گەردنی هەولێر و
ملی بەرزی پەرلمانی.
_خوا ئەزانێ چەند بە تاسەی رەشبەڵەكی قەڵا وگردی سەیوانم _
من كەركووكم... كەركووك منم
تینی گری شۆرش و
تانەی چاوی دوژمنم.

1385/8/5هەتاوی_ سنە